# کۆنووسی کۆبوونەوەی چواردەمینی ئەنجوومەنی زانکۆ

ئەنجوومەنی زانکۆ لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٤-٦-٢٠٢٠) چواردەمین کۆبوونەوەی ئەنجامدا بە ئامادەبوونی گشت ئەندامان جگە لە ڕاگری کۆلێژی زانستە ئەندازیاریە کشتوکاڵیەکان وە لە بری ڕاگری کۆلێژی پەرستاری یاریدەدەری ڕاگر ئامادەبوو، گفتوگۆی کرد لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

**تەوەری یەکەم-** لەبەرئەوەی هیچ تێبینیەک لەسەر کۆنووسی کۆبوونەوەی رابردوو نەبوو وەک خۆی چەسپێنرا.

**تەوەری دووەم- کاروباری کارگێڕی و دارایی:**

1- یاداشتی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر داوا دەکەن بڕوانامەکەیان بۆ هەژمار بکرێت.
دواخرا بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو.

2- یاداشتی کۆمەڵێک خوێندکاری وەرگیراو لە دبلۆمی باڵای یەک ساڵە لە بەشی فیزیا- کۆلێژی زانست داوای دیاریکردنی کرێی خوێندن دەکەن.
دواخرا بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو.

3- گفتوگۆ لە سەر دیاریکردنی کاتی تاقیکرنەوەکانی خولی دووەم.
دوای گفتوگۆ ئەنجومەن بڕیاریدا کە تاقیکردنەوەی خولی دووەم لە بەرواری (١ – ٩ – ٢٠٢٠) دەست پێبکات.

4- گفتوگۆ لەسەر ڕێنمایی یەکانی هەڵسەنگاندنی کۆتایی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩- ٢٠٢٠) کە بە نوسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی- نوسینگەی وەزیر ژمارە (٥٣٢٤) لە (١-٦-٢٠٢٠) دەرچووە (وێنەیەکی هاوپێچە) بڕیاردرا بەجێبەجێکردنی گشت بڕگەکان لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوانەی خوارەوە.

1 -لە (٦-٦) تا رۆژی (١١-٦) تەرخاندەکرێت بۆ جێگیرکردن و ڕاگەیاندنی ناوی ئەو خوێندکارانەی کە (دەیانەوێت یان پێویستە) ڕاپۆرتی زانستی ئەنجام بدەن.

ئەوانەی پیویستە ڕاپۆرت یان هەڵسەنگاندنێکی تر بکات ئەوانەن کە هیچ نمرەیەکی کۆششیان نیە، بەهەر هۆکارێک بێت، ئەگەر خوێندکارێک هیچ نمرەیەکی کۆششی نەبوو ئەوا هەڵسەنگاندنەکە لەسەر (١٠٠) دەبێت.

ئەوانەی کە دەتوانن ڕاپۆرت بنووسن ئەوخوێندکارانەن کە کۆششیان هەیە و دەیانەوێت بۆ بەرزکردنەوەی نمرە هەڵسەنگاندنێکی نوێیان بۆ ئەنجام بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەگەر خوێندکارێک لە (٢٠) بیست تاقیکردنەوەی کۆششی کردبوو ئەوا نمرەی لێکدانی (٥) دەکرێت، ئەگەر بەو نمرەیە دەرچوو ئەوا دەتوانێت نەچێتە ناو هەڵسەنگاندنی نوێ، بەڵام ئەگەر خۆی ویستی نمرەکەی بەرز بکاتەوە دەتوانێت بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەوا نمرەی کۆششەکەی بۆ دەخرێتە سەر (٥٠) لەسەر ڕاپۆرتەکەش چەندی وەرگرت لەسەر (٥٠) ئەوا لەگەڵ نمرەی کۆششدا بۆی کۆدەکرێتەوە، نمرەکەی زیاد بکات یان کەم .

2 - لە (١٣-٦-٢٠٢٠) تاوەکو (١١-٧-٢٠٢٠) دیاریکرا بۆ پێشکەش کردن و هەڵسەنگاندن ومیکانیزمەکانی تری پرۆسەی هەڵسەنگاندن کۆتایی دێت، وە لەماوەی سەرەوەدا پێویستە مامۆستایان هەڵسن بە بەدواداچوون و ڕێنوێنیکردنی خوێندکاران بەمەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی زانستی و جێبەجێکردنی میکانیزمەکانی تری پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کۆتایی وەکو بەشێک لە پرۆسەی خوێندن و تەواوکردنی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩- ٢٠٢٠).

3 - بۆ جێبەجیکردنی (خاڵی دووەم) ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەنجومەنی کۆلێژەکان ڕاسپێردرا بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکان و ئامادەکردنی خشتەیەک بۆ ڕێکخستنەوە و گواستنەوەی

کریدیتە نەخوێندراوەکان بۆ سمیستەرەکانی ساڵانی داهاتوو بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەن بۆ دەرکردنی فەرمانی زانکۆیی بۆ ئەم مەبەستە.

4 - بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی ئەو خوێندکارانەی پێشبڕکێ دەکەن لەسەر یەکەمی بەشەکانیان، بەمەبەستی پاراستنی مافی خوێندکاران ئەنجومەن بڕیاریدا کە پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکان ( لە خوێندکاری یەکەم تاوەکو پێنجەم) لەڕێگەی لیژنەیەکی زانستی پێک بێت لە سەرۆکی لیژنەی زانستی بەش و مامۆستای بابەت و مامۆستایەکی هاوپسپۆڕ.

5 - لەبەر ئەوەی بەشی بیرکاری – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت سروشتی بەشەکەیان جیاوازە و پێویستیان بە کاتی زیاترە بڕیاردرا کە کاتی جێبەجێکردنی پرۆسەکە تا (١- ٨- ٢٠٢٠) درێژ بکرێتەوە.

6 - نمرەی توێژینەوەی دەرچوونی خوێندکاران (٥٠) بە (٥٠) دەبێت لە نێوان مامۆستای سەرپەرشتیار و مامۆستای هاوپسپۆڕ.

7 - خاڵی پێنجەم- بڕگەی (٦) لە ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکرێت دوای نوسینی ڕاپۆرت و وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە مامۆستا ئاڕاستەی خوێندکاری دەکات بە ئۆنلاین یان بە ئەلیکترۆنی دەکرێت مامۆستا پرسیاری زیاتر ئاراستەی خوێندکارەکە بکات بەمەبەستی دڵنیا بوون لە ئاستی خوێندکار، وە پێویستە ئەمەش دیکۆمێنت بکرێت.

8 - خاڵی پێنجەم- بڕگەی (١١) لە ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەکرێت بەپێی فەرمانی زانکۆیی ژمارە (٣٦٨٥) لە (١-٩-٢٠١٩) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

9 - خاڵی پێنجەم- بڕگەی (١٢) لە ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆلێژی پەروەردە و پەروەردەی بنەڕەت خۆیان بە میکانیزمێک نمرە بۆ ئەو خوێندکارانە دادەنێن کە هەڵسەنگاندنیان لە بابەتی (بینین و پیادەکردن) بۆ نەکراوە، بەرەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان.

10 - لەهەر شوێنێک کە بابەتی ئینگلیزی ناوی هاتبێت لە ڕێنمایی یەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و کۆنوسی ئەنجومەنی زانکۆ سەنتەری گەشەپێدان و زمان پابەندە بەجێبەجێکردنی ئەو ڕێکار و بەروارانەی کە لە ڕێنمایی یەکان و ئەم کۆنووسەدا هاتووە.

کۆتایی

**علی محمد علی**
**بەڕێوەبەری نوسینگە**

**پ.ی.د. موفق خالد ابراهیم**
**سەرۆکی زانکۆ**